د. حەمید حسین کازم ئەلشەمەری

# دیموکراسیو
# بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە

**عادل عەلی**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی
د. حەمید حسین کازم ئەلشەمەری
وەرگێڕانی: عادل عەلی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٨١٧) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: سوهەیلە عبدالوهاب
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٣١)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لەدەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# دیموکراسیو
# بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی

پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەخولقاندنی بارودۆخو رەخساندنی مەرجەکانی هەماهەنگی لەگەڵ پێشکەوتنی دیموکراسی. گەشەپێدانی سیاسی لەکۆتاییدا ئامانجی بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی هاوچەرخو پێشکەوتووی دیموکراسیە.

ئاشکرایە گەشە پێدانی سیاسی، بەو جۆرە رزگاری دەبێت لەپاشماوەکانی دەسەڵاتی کلاسیکی, ئەو دەسەڵاتو هەژموونەی کە تایبەتمەندیەکان و



بنەماکانی لەگەڵ بونیادی نوێدا ناگونجێ، هەربۆیە ئەم دۆخەش خوازیاری بوونی پرۆسەیەکە کە سیفەتی بەردەوامی رووبەرووبوونەوەی هەبێت لەگەڵ ئەو پاشماوانەی کە هێشتا کاریگەری نیگەتیڤیان لەسەر ئاراستەکانی تاکو کۆمەڵ هەیە.

ئەوەش پێویستی بەپرۆسەیەکی سایکۆلۆژی پراکتیکی هەیە, بۆئەوەی تاکەکان بگەنە ئەو بڕوایەی کە حکومەت یەکێکە لەئامرازەکانی بەدەستهێنانی ئامانجو بەرژەوەندییەکانیان، لێرەوە پێویستە بوار بەدامەزراوەیەکی فراوان بدرێ, بۆ ئەوەی بە بەردەوامی ئەو سیستەمە سیاسیە بگۆڕێ بەشێوەیەك کە جێگەی رەزامەندی تاکەکان بێت, لەرووی فۆرمە نوێیەکانی دەسەڵاتدارێتیو رێکخستنەکانو رێگا نوێیەکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەوە.

لەپێناو چەسپاندنی بەکردەوەی دیموکراتیزم پێویستە جەخت لەسەر بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی بکەینەوە کە بریتین لە:

* **بەشداری سیاسی**
* **فرەیی سیاسی**
* **دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات**
* **پاراستن و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ**



## بەشداری سیاسی

تێگەیشتنێکی گشتی یاخود ئاسان بۆ بەشداری سیاسی لە فراوانترین مانای خۆیدا، ئەوەیە کە مافی هاوڵاتییە لەوەی کە رۆڵێکی دیاریکراوی هەبێت لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکاندا، بەڵام ئەگەر ماناکەی کورت بکەینەوە، بەمانای مافی هاوڵاتی دێت بۆ چاودێریکردنی بڕیارەکان و هەڵسەنگاندنیان و چۆنیەتی جێگیرکردنی, دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەچێت، لەلای (سامویل هنتکتون و جون نیلسۆن) بەواتای ئەوە دێت ئەو چالاکیەی کە هاوڵاتیانی ئاسایی پێی هەڵدەستن بەمەبەستی کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکانی حکومەت، جا ئەو چالاکیە بەکۆمەڵ بێت، یاخود تاك، ڕێکخراو بێت یاخود خۆڕسکی، بەردەوام

بێت یان پچڕپچڕ، بەئاشتی بێت یان توندوتیژی، ڕەوا بێت یان ناڕەوا، چالاك بێت یان لاواز، ئەنجام بدرێت.

د. عبدالمنعم ئەمجەد دەڵێ: بەشداری سیاسی ئامانجی گۆڕینی دەرهاویشتەکانی سیستەمی سیاسیە بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ داواکارییەکانی تاك‌و گروپەکان. ئەو مانایەی کە زیاتر بەکار ئەهێنرێ بۆ چەمکی بەشداری، بەشداری بریتیە لە توانای هاوڵاتیان لەگوزارشت کردنی ئاشکراو کاریگەری دروستکردن لەسەر دەرکردنی بڕیارەکان جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن.

لای بەشێکی زۆری لێکۆڵیاران‌و بیرمەندان چەمکی بەشداری سیاسی بەو مانایە دێت کە دەرچوونی بڕیارە باڵاکان گوزارشت بێت لەداخوازی کۆمەڵگە.

پرۆسەی سیاسی لەرێگەی پیادەکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە بۆ کاری سیاسی‌و تێکەڵ بوونی



لەپرۆسەی سیاسیدا ئەنجام ئەدرێ. ئەوەش بەمانای هاوبەشی هەموو کەس بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنگیری‌و ئەتنیك‌و ڕەگەز لەژیانی سیاسی گشتیدا، .

هەربۆیە بەشداری سیاسی, رەهەندێکی بنەڕەتیە لەرەهەندەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، بەشێوەیەك راگەیاندنی (ماف لەگەشەپێداندا) کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٨٦[١] دا دەریکردووە بەرەسمی دەیناسێنێ کە پرۆسەی گەشەپێدان پرۆسەیەکی تەواوکارییەو چەندین رەهەندی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری‌و سیاسی هەیە، ئامانجی بەدەستهێنانی چاکسازی بەردەوامە بۆ خۆشگوزەرانی هەموو دانیشتوان‌و سەرجەم تاکەکان، کە لەو رێگەیەوە دەتوانرێ کار بۆ مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادییە بنەڕەتیەکان بکرێ.

پێشتر روونمان کردەوە کە پەیوەندی لەنێوان بەشداری سیاسی‌و گەشەپێدانی مرۆییدا مەسەلەیەکی

ئورگانیە, چونکە یەکەم پێویستە بۆ بەدەستهێنانی دووەم بەجۆرێك کە ناتوانرێت ئامانجەکانی گەشەپێدان دەستەبەر بکرێ، بەبێ بەشدارییەکی راستەقینە لەلایەن سەرجەم توێژەکانی کۆمەلگاوە. هەربۆیە دەتوانین بلێین کە بەشداری سیاسی بەسیمایەکی سەرەکی دیموکراسی ئەژمار دەکرێت, واتا هەتا بەشداری سیاسی لەلایەن گەلەوە زیاد بکات ئەوا لەپرۆسە سیاسییەکاندا گوزارشی راستەقینەی دیموکراسی زیاتر بەرجەستە ئەبێت.

بەلآم لەپێناو بەدەستهێنانی بەشدارییەکی سیاسی چالاکتردا، پێویستە چەند مەرجێك هەبێت، لەوانە (بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری راگەیاندن، ئازادی رادەربڕین، بەهێزکردنو چالاککردنی رێکخستنە سیاسیەکان) چالاککردنی دامەزراوەکان لەدەولەتدا وەکو دەزگاکانی کۆمەلی مەدەنی بەو پێیەی کە ئامرازێکی گرنگن بۆ چاودێری کارەکانی حکومەتو



بەدەستهێنانی بوژانەوەی ئابوری لەکۆمەلگەداو هەروەها بونیادنانی دامودەزگا سیاسیەکان کە توانای هەبێت هێزە سیاسیەکان ئەوانەی نیازمەندن بەشداری سیاسی بکەن لەخۆبگرێ. ئەلبەتە بەرەخساندنی ئەو مەرجانەی کە باس کرا، بەشداری سیاسی بەسوودو قازانجی کۆمەلگە ئەگەرێتەوە لەچەند لایەنێکەوە وەك:

١. بەشداری سیاسی بەمانای چەسپاندنی هاوبەشی کردنی فراوانی گەل دێت لەوێناکردنی یاخود نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتیو دروستکردنو دەرکردنو جێبەجێکردنی بڕیاردا.

٢. بەشداری سیاسی مانای بیناکردنەوەی پەیکەری رێکخستنی بونیادی سیستەمی سیاسیو دامەزراوەکانیانو پەیوەندیەکانیان لەگەلٚ یەکتریدا دێت کە بگونجێ بۆ بەشداری فراوانی پرۆسە سیاسیەکان.

٣. بەشداری سیاسی یەكێك لەپێوەرە سەرەكیە رەواكانی دەسەڵاتی سیاسی ڕووندەكاتەوە لەهەموو كۆمەڵگەیەكدا.

٤. بەشداری سیاسی فرسەت بۆ دەسەڵات ئەڕەخسێنێ كە بەئاگا بێت لەراوبۆچوونو خواستەكانو ئاراستەكانی گەل.

٥. بەشداری سیاسی ئارامیو ئاسایش لەكۆمەڵگەدا دەستەبەر دەكات.

٦. بەشداری سیاسی گوزارشت لەئیرادەی گشتی گەل دەكات.

٧. بەشداری سیاسی بەواتای زاڵبوونە بەسەر زوڵمو هەژموونی تاكڕەوانەی دەسەڵات.

٨. بەشداری سیاسی مەرجێكی بنەڕەتی بەدەستهێنانی گەشەپێدان لەكۆمەڵگەدا بەرجەستە ئەكات.



٩. بەشداری سیاسی رۆڵێكی گەورە دەبینێ لەبونیادنانو چەسپاندنی یەكێتیی نیشتمانی لەنێوان هەمووواندا.

ئەوەی ئاماژەی پێكراوە، ئەوەیەكە هەل بڕەخسێنرێ بۆ سەرجەم چینو توێژەكان، كەچالاك و كارا بن لەپێناو بەشدارییەكی گشتگیر لەوەرگرتنی بڕیارو ئیدارەدانی كاروبارەكانی وولات، جا بەشێوەی راستەوخۆ بێت یان لەرێگەی نوێنەرەكانیانەوە، كە هەموو ئەوانەش بەمانای هاوبەشی دێت لەژیانی گشتیداو، كە دواجار دەبێتە مایەی لەدایك بوونی ئاشتیو ئارامی سیاسی لەناو وولاتدا، ئەوەش بەئامانجی رێكخستنی ریزەكانو چەسپاندنی یەكێتیی نیشتمانیو گەشەپێدانی سیاسی دێت.

## فرەیی سیاسی

فرەیی سیاسی دیاردەیەکی دێرینەو لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی سیاسەتو دەسەڵاتدا بوونی هەبووە، تەنانەت لەئاینە ئاسمانیەکانیشدا باس کراوە.

پێویستە لێرەدا پێناسەیەکی دیاردەی فرە حیزبی بکەین کە د. سەعدەدین ئیبراهیم ئاوا پێناسەی دەکات (شەرعیەتو فرەیی هێزەکانو بۆچوونە سیاسیەکانو مافەکانیان, بەمانای پێکەوە ژیانو گوزارشت کردن لەخۆیانو بەشداری کردنو کاریگەری دروستکردن لەسەر بڕیاری سیاسی لەکۆمەڵگەدا دێت پاشان ئەو بەشدارییە دەبێتە مایەی کاریگەری دروستکردن لەسەر پرۆسەی بڕیاری سیاسی.



هەروەها د. موحەمەد عابید ئەلجابری دەڵێ: دیاردەیەکە لەدیاردەکانی مۆدێرنەی سیاسی، سەرەتاو پێش هەرشتێك بەڵگەی بوونی بوارەکانی کۆمەڵایەتیو فیکریە بۆ پیادەکردنی یان بەشداری کردنی خەڵك تێیدا لەرێگەیەکی سیاسیانە یان بەهۆی گفتوگۆو رەخنەو ناڕەزایەتیو یان دانوسانەوە، کە دواتر پێکەوە ژیان لەچوارچێوەیەکی ئاشتیەکی بنیادنراودا لەسەر بنەمای چارەسەری مام ناوەندیو یەکتری قبوڵ کردن..

فرەیی سیاسی چەند نموونەیەکی هەیە، لەوانە فرەیی راستەقینە کە بونیادنراوە لەسەر بوونی پارتە جیاوازەکان لەرووی ئایدۆلۆژیاو پرۆگرامەکانیانەوە، کە ئەو پارتانە لەنێو خۆیاندا کێبەرکێ دەکەن لەرێگەی هەڵبژاردنی ئازادانە کە بەشێوەیەکی دەوری ئەنجام ئەدرێ، بەڵام فرەیی رووکەشی لەچوارچێوەی دەرەوەی دا، هەڵگری دیاردەکانی فرەیی سیاسیە واتا سیماکانی پلۆرالیزم بەرجەستە ئەکات، کە پێوستە

چەند پارتێك بوونی هەبێت, واتا سیماکانی فرەیی هەست پێبکرێ.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە فرەیی سیاسی بریتیە لەبیروبۆچوونی جیاواز لەخستنەرووی بەرنامەو ئایدۆلوژیاو بەرژەوەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتیو دیموگرافیو ئابووریەکان.

لێرەدا دەتوانین جیاکاری بکەین لەنێوان فرەیی سیاسیو فرەیی حیزبی، کە فرەیی سیاسی بەشێوەیەکی فراوان واباس دەکرێ کە پێویستە فرەبی حیزبی لەخۆیدا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی هێزە کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەلتوریو سیاسیە جیاوازەکان بەرجەستە ئەکات، بەڵام فرەیی حیزبی بەمانای فرەیی سیاسی نایەت، ئەگەر یەك حیزب دەستی بەسەر دەسەڵات داگرتبێتو حیزبەکانی تری پەراوێز خستبێت. هەر بۆیە فرەیی حیزبی بەشێکی تەواوکاری فرەیی سیاسیە.



بەو پێیە فرەیی سیاسی بەیەکێك لەمەرجە بنەڕەتیەکانی چەسپاندنی دیموکراتیزم دائەنرێو روخسارێکە لە روخسارە بنەڕەتیەکانو ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی بوونی دیموکراسی. بەڵام لامان شاراوە نیە کە جێبەجێکردنی کارێکی ئاسان نیەو ناتوانرێ لەنێوان شەوو رۆژێکدا دیموکراتیزم بچەسپێنرێ. دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی واتا فەراهەمکردنی بنەمایەکی تەواو کە زۆرێك لەپێکهاتەکان بگرێتەوە، بۆ نمونە ئەو دەستەبەرییانەی کە پەیوەستن بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ , لەناویاندا ئازادی رادەربڕینی ئاشکرا، پێکهێنانی کۆمەڵەکانو پەیوەندیکردن پێیانەوەو سەروەری یاساو، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادو پاكو بێگەرد، کە بتوانرێ تێیدا ململانێ بکرێ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانو رەخساندنی زەمینەی بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات،

بەشێوەیەکی فەرمیو سیستماتیك، کە لەسەرووی هەموویەوە پێویستی بوونی سیستەمێکە بۆ ڕێکخستنو چاودێریکردنی پاڵێوران، لەپۆستە گشتیەکانو بەرپرسیارێتی تەواوی لێپرسراوان لەبەردەم دەنگدەراندا.

لەبەرئەوە پرەنسیپی جێگیرکردنی فرەیی سیاسی بەمانای چەسپاندنی دیموکراسی نایەت، بەڵکو دیموکراسی پێش هەموو شتێك بەواتای ڕێگەگرتن دێت لەقۆرخکردنی دەسەڵاتو سامان لەلایەن دەستەیەك یان لایەنێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، یان بەبێ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتو دابەشکردنی سەروەتو سامان لەنێوان هەمووانـدا، بەگوێرەی پرەنسیپی هاوسەنگیو ڕەخساندنی هەلو مافو شیاوێتی، بەبێ ئەوە کارێکی زەحمەتە بانگەشەی چەسپاندنی دیموکراسی بکرێ.



ئەمماناو تێگەیشتنە لەدیموکراسی بەشێوازێك لەشێوازەکانی پیادەکردنی دەسەڵات ئەژماردەکرێ، کە دەبێت ڕێکەوتنو سازان هەبێت لەنێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵەو گروپە نیشتمانیەکانو هێزو حیزبە سیاسیەکان، لەسەر شێوەی پێڕەوکردنی مەسەلە دیموکراتییەکان, وەکو شتێکی روکەشی دەمێنێتەوە، ئەگەر هەمووان هاوبەشی تێدا نەکەن واتا بەبێ بوونی ئەو پێش مەرجانەی باس کران ئەو ئامانجانە نایەنە دی، بەڵام ئەگەر جێبەجێ بوو ئەوا لەکۆتاییدا یەکێتیی نیشتمانی بەدەست دەهێنرێ لەڕێگەی بەشداری هەموو هێزە نیشتمانیو سیاسیو کۆمەڵایەتی یە کاریگەرەکانەوە لەکۆمەڵگەدا، کە لەتوانایاندا هەیە، بەشداری بکەن لەپرۆسەی دروستکردنو دەرکردنی بڕیاری سیاسی لەسەر بنەمای پاراستنی پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەڕێگەی ئەم پرەنسیپانەوە:

١. پرەنسیپی سەروەری یاسا.

٢. پرەنسیپی تێکەڵ نەکردنی دەسەڵاتەکان یاخود جیاکرنە وەیان لەیەکتری.

٣. پرەنسیپی قەدەغەکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوانە.

٤. پرەنسیپی دەستەبەرکردنی مافی تاکەکان.

لەو روانگەوە، دیموکراتیزم بەتەنها حیزبەکانو پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بریتی دەبێت لەکۆمەڵێك بیروبۆچوونو بەها، کەتاکەکانی کۆمەڵ بەرهەمی دێنن لەرێگەی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی سیاسیەوە، لەگرنگترین ئەو بەهایانە، باوەڕبوونە بەفرە حیزبیو لێبوردەیی سیاسیو ئایدیۆلۆژی بەواتا ئەو پرۆسە سیلسیانە دەبێتە مایەی خولقاندنی چەندین بەهاو نەریت لە هەڵسەکەوت و ژیانی کۆمەڵایەتیدا.



بەگوزارشتێکی تر دیموکراتیزم، بریتیە لەبەشداری سیاسیانەی مافەکانی مرۆڤ، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا جەوهەری فرە حیزبیە، کە بەمانای لێبوردەییو رێزگرتن لەمافی ئەوانی ترو مافی تاکەکان، لەهەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان لەدەسەڵاتو دەستەبەرکردنی بەشی زۆری مافەکان لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا.

چوارچێوەی یاساییو دامەزراوەیی سیستەمی فرە سیاسیو حیزبی لەهەموو وڵاتێکدا پێویستی بەچەند بنەمایەك هەیە لەوانە:

١. گەل سەرچاوەو خاوەنی دەسەڵاتەو بەشێوەی راستەوخۆ پیادەی دەکات لەرێگەی راپرسیو هەڵبژاردنی گشتیەوە، هەروەك چۆن ناڕاستەوخۆ لەرێگەی ئەنجومەنە ناوچەییە هەڵبژێراوەکانەوە پێی هەڵدەستێو ئەنجامی دەدات.

٢. پێویستە سیستەمی سیاسی لەسەر بنەمای فرەیی سیاسیو حیزبی بونیاد نرابێت لەپێناو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتو ڕێکخستنی ئەحکامو ڕێوشوێنی تایبەت بەپێکهێنانی ڕێکخستنە حیزبیو سیاسیەکانو پیادەکردنی چالاکی سیاسیو هەروەها نابێت، دەسەڵاتو داراییو ئەرکە گشتیەکان بەکار بهێنرێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حیزبیو ڕێکخستنێکی سیاسی دیاریکراو.

٣. پێویستە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هاوکاری کۆمەڵایەتیو ئازادیو دادو دادپەروەری بونیاد بنرێ.

٤. هەموو هاوڵاتیان لەبەردەم ئەرکو مافەکاندا یەکسان بن.

٥. پێویستە دەوڵەت ئازادی فیکریو را دەربرینو ئازادی ڕۆژنامەگەری دەستەبەر بکات.



٦. سەرجەم هاوڵاتیان مافیان هەیە سەبارەت بەهەڵبژاردنو خۆپاڵاوتنو هەروەها لە دەربڕینی بۆچوونەکانیانو لە پرۆسەکانی راپرسیدا.

٧. پشت بەستن بەپرەنسیبی چالاکی ئابووری.

٨. کارکردن بەپرەنسیپی هاوسەنگی هەل ڕەخساندن بۆ سەرجەم هاوڵاتیان لەرووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کەلتوریەوە.

## ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات

مەبەست لەدەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات ئەوەیە کە دەسەڵات لەدەستی تاکە کەسێکدا نەمێنێتەوەو بەڵکو بەشێوەی دەوری لەژێر سایەی هەڵبژاردنی ئازاددا دەسەڵات ئاڵوگۆڕ بکات، فەرمانڕەوایانی هەڵبژێراو بەگوێرەی دەستور، دەسەڵاتەکانیان پیادە بکەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

بەمەش ناوی دەوڵەتو دەستورو کەسایەتی مەعنەوی بەگۆڕینی فەرمانڕەواو حیزبەکانی دەسەڵات ناگۆڕێ، کەواتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەسەڵات تەنها تایبەتمەندییەکی فەرمانڕەواییە، کە لەلایەن دەنگدەرانەوە ڕێگەیان پێ دەدرێ بە گوێرەی ئەحکامەکانی دەستور کاری خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدەن، واتە دەسەڵات قۆرخ ناکرێ لەسەر کەس، بەڵکو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئەنجام دەدرێ لەسەر بنەمای ئەحکامی دەستوری. ئەوەی کە روونە، بریتیە لەوەی کە پرەنسیپی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لەلایەن حیزبو بزوتنەوە سیاسیەکانەوە بەدیارترین ئامرازی پیادەکردنی دیموکراسی دائەنرێو بەبێ ئەوە ناتوانرێ قسە لەسەر دەوڵەتی دیموکراسی بکرێ, تا کاتێك دان ئەنرێ بەپرەنسیپی دەستاو دەستی ئاشتیانەی دەسەڵات لەرێگەی ئاڵوگۆڕی پێگەی بزوتنەوەو حیزبەکان لەدەسەڵات، ئەمەش بەمانای



ئەوە دێت کە دەسەڵاتی سیاسی قۆرخ ناکرێ لەسەر کەسو لەسەرحسابی حیزبێکی دیاریکراو یان لایەنێك لەسەر مافو بەرژەوەندی ئەوانیتر، بەڵکو دەسەڵات هەر ئەوەیە کە بەڕێوە دەبرێ لەلایەن ئەو حیزبو بزوتنەوە سیاسیانەی کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

لەبەرئەوە پرەنسیپی دەستاو دەستی ئاشتیانەی دەسەڵات بونیاد ئەنرێ لەسەر بناغەی کێبەرکێی ئازادانە لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا، ئەو کێبەرکێیەش بەگوێرەی ئەحکامەکانی یاساو دەستور دەبێت، بەبێ لادانو پێشێلکردن، چونکە لادانو دەرچوون لەیاساو سیستەم، واتا دەرچوون لەدیموکراسیو چەمكو بنەماکانی.

هەربۆیە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات مانای دانانە بەڕەوایەتی سیستەمی سیاسی لەلایەن گەلەوە. ئەم کارەش خۆی لەخۆیدا جێگیرکردنی بنەماکانی

کۆڵەکەکانی یەکێتیی نیشتمانییە چونکە گەل بەهەموو چین‌و توێژەکانیەوە، بەزۆرینەو کەمینەوە، نوێنەری هەیە لەدەسەڵاتداو مافیان پارێزراوە بەگوێرەی ئەحکامەکانی دەستور، هەر بەمەش هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەتوندی وابەستە دەبن بەکۆمەڵگەوەو بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری دەکەن لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسیدا. هەروەها بەهەرەمەند ئەبن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەرچاوەو داهاتەکان. دواجار ئەو بارودۆخەش بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاشتی‌و ئارامی وڵاتەکەو مەسەلەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات‌و بەشداری هەمووان تێدا لەڕێگەی کەناڵە ناسراوەکان کە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی جۆرێك لەکۆدەنگی سیاسی، و دواجار دەبێتە بناغەیەك بۆ بونیادنان‌و چەسپاندنی دیموکراتیزم.



## پاراستن‌و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ

جێگیرکردن‌و باوەڕبوون بەمافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەستورو یاسا ناوخۆییەکانی دەوڵەتەوە، یان ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی‌و هەرێمییەکان ئەگەر نەیتوانی بچەسپێنرێ‌و ڕێزی بۆ دابنرێ‌و کاریگەری بەرچاوی نەبوو، ئەوا هیچ جۆرە دەستەبەرێکی ئەوتۆی نابێت بۆ پارێزگاریکردنی. مەبەست لەدەستەبەرکردن، ئەو هۆکارو ئامرازە جۆراجۆرانەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێ پارێزگاری لەمافو ئازادیەکان بکرێ‌و ڕێگە نەدرێ پێشێل بکرێ.

مەبەست لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئەو کۆمەڵە ڕێوشوێنەیە کە دەگیرێتەبەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و هەرێمی‌و لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەویش بەنیشاندانی پابەندبوونی دەسەڵاتەکانی ئەو وڵاتە بەمافەکانی مرۆڤ‌و ئاشکراکردنی پێشێلکاریەکان‌و

دانانی بەرنامەو پرۆژە بۆ ڕێگەگرتن لەو پێشێلکارییانەو ڕەوانەکردنی بۆ دادوەری نیشتمانی یان بۆ دادوەری نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لێیان.

لەچوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەی مافەکانی مرۆڤو پیادەکردنی لەهەر وڵاتێکدا، ئەم مافانە تەنها بەجێبەجێکردنی دەقەکان ناچەسپێ، بەوەی کە دەقی لەسەرهاتووە لەدەستوری دەوڵەتو یاساکاندا یان بەموسادەقەکردنی ئەو دەوڵەتە لەسەر پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بەمافەکانی مرۆڤو ئازادییەکانەوە.

چونکە پیادەکردنی مافو ئازادییەکان تەماشا ناکرێ، تەنها لەژێر سایەی کۆمەڵگەیەکی ئازادو بەهرەمەند بەسیستەمێکی ئازادا. یەکێك لەفەلسەفە سەرەکیەکانی ئەوەیە کە سیستەمەکە ملکەچی دەسەڵاتی یاسا بێت لەڕێگەی دەستەبەرکردنی مافو ئازادییە گشتیەکان کە لەجەوهەردا بریتی دەبێت



لەپرەنسیپی یاسایی کە زەمانەتی پاڵپشتی دەسەڵات بکات بۆ خواستی ئازادی، کە دەتوانین ئەم پرەنسیپانە بەم شێوەیە تاوتوێ بکەین:

١. **پرەنسیپی سەروەری یاسا.**
٢. **پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.**
٣. **پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی مەدەنیو سەربازی.**
٤. **پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.**
٥. **پرەنسیپی چاودێری دادوەری لەسەر یاساو دەستور.**
٦. **پرەنسیپی چاودێری دادوەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئیدارەو بڕیارەکانی.**

### ١. پرەنسیپی سەروەری یاسا

بەیەکێك لەدەستەبەرکردنە سەرەتاییو بنەماییەکان دێت لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤدا، بەجۆرێك دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەدەوڵەت ملکەچ دەبێت بۆ یاساو هەروەها بەهەمان شێوەش ملکەچی فەرمانبەسەرکراواندا بۆی، بەگوێرەی دەستور کە بنەماکانی دەسەڵاتی داناوەو مافو ئازادییەکانی جێگیرکردووە، بەمەش پێگەی یاسایی تاکەکان بەدەست دێت لەرووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا.

### ٢. پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

مەبەست لەدەسەڵاتەکان ئەو دەستەو دامەزراوە گشتیانەی دەسەڵاتە لەهەر دەوڵەتێکدا, بەگوێرەی ئەرکەکان دابەش دەکرێن بۆ سێ دەسەڵات، یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری.



مەبەست لەجیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە لێرەدا ئەوەیە کە دەستەبەرییەکە بۆ مافەکانی مرۆڤە، کە دەبێت هەر دەسەڵاتەو لەو سێ دەسەڵاتەی تر لەدەوڵەتدا خاوەنی تایبەتمەندی دیاریکراوو سنورداری خۆیان بن.

بەجۆرێك کە هەریەکەیان لەوی دیکە جودابێت، کە ئەوەش بۆ رێگە گرتنە لەدەسەڵاتی زوڵمو چڕکردنەوەی دەسەڵات تەنها لەدەستی یەك کەس یان یەك لایەندا، بەڵکو هەر دەسەڵاتە کاری خۆی بکاتو چاودێر بێت بەسەر ئەوی دیکەدا لەگەڵ فەراهەم کردنی ئازادیو مافەکان لەکۆمەڵگەدا.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مانای نەهێشتنی چڕکردنەوەی دەسەڵاتە لەدەوڵەتدا لەیەك دەستەو گروپدا، واتا هیچ کەسێك ناتوانێتو بۆی نیە زیاتر لەئەرکێك بخاتە سەرشانی لەسێ ئەرکەکەی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) بۆ نمونە ئەگەر

دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن لەدەستی یەك کەسدا بێت، ئەوا یاسایەك دائەنێ کە رەچاوی مەبەستە تایبەتیەکانی بکات‌و مەبەستە سەرەکیەکە وون دەبێت کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت.

### ٣. پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی مەدەنی‌و سەربازی

مەبەست لەم جیاکردنەوەیە، ئەوەیە، کە دەسەڵاتی سەربازی دەست وەرنەداتە کاروباری سیاسیانە، رێگە بگرێ لەدادگایی کردنی مەدەنی لەبەردەم دادگای سەربازی‌و نەهێشتنی پیادەکردنی دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن کەسانی سەربازییەوە.

### ٤. پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری

دادوەری بەگشتی مانای جیاکاری لەنێوان خەڵك‌و جیاکردنەوەی نەیارو ململانێکار لەپێناوی پابەند بە یاسا، هەروەها رۆڵی دادوەری لەکۆمەڵگە بۆ داکۆکی



کردنە لە زۆڵم لێکراوان، کە قەزا تاکە ئامرازە بۆ گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی‌و پاراستنی ئازادیەکان‌و موڵك‌و ماڵی خەڵکی.

جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دادوەری بەشێوەیەکی سەربەخۆو ئازاد، گەورەترین دەستەبەرییە بۆ پاراستنی ماف‌و ئازادییە گشتی‌و تایبەتیەکان.

ئەوەش بەمانای یەکسانی دێت لەبەردەم دادوەری‌و دواجار هەمووان لەژێر چەتری داد پەروەریدا دەبن.

پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەری لەسەر بنەمای ئەوە دەبێت، کە یەکسانی بچەسپێ‌و عەدالەت دەستەبەر بکرێ لەدەسەڵاتی دادوەری، پێویستە قازی سەربەخۆیی‌و ئازادی تەواوی هەبێت لەپرۆسەی دەرکردنی بڕیارە دادوەریەکاندا.

**٥. پرەنسیپی چاودێری دادوەری لەسەر دەستورو یاسا**

مەبەست لەو چاودێرییە دادوەریە ئەوەیە، کە پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ بکات لەدەست درێژی دەسەڵاتی یاسادانان، لەرێگە گرتن لەیاسادانەر، بۆ ئەوەی پێشێلی پرەنسیپەکان نەکات لەکاتی دانانی یاساکاندا. بۆ چەسپاندنو بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە پێویستە دادگای باڵای دەستوری دابمەزرێو دەسەڵاتی رەتکردنەوەی یاساکانی هەبێت، ئەگەر سەلمێنرا نادەستورییە، ئەم چاودێریەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە یاسا دەرکراوەکان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە, دەبێت ملکەچی چاودێریو دادوەری بن بۆ جەخت کردنەوەو بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە دەستورییەکاندا.



**٦. پرەنسیپی چاودێری دادوەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئیدارەو بڕیارەکانی**

ئەم پرەنسیپە تایبەتە بەپاراستنی مافو ئازادییەکان لەدەست درێژی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەوەش لەرێگەی چاودێری کردنی کاروبارەکانی حکومەتو ئیدارەوە دەبێت، لەرێگەی دەسەڵاتەکانی دادوەری کە ئەوەش هەڵسوکەوتەکانی ئیدارەو بڕیارەکانی دەگرێتەوە، لەکاتی سەلماندنو دەرکەوتنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی دادوەری هەڵدەستێ، بەکاردانەوەی ئەوەی کە هەیەو رووی داوەو هەڵەکان راست ئەکاتەوەو بڕیاری قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووەکانیش دەرئەکات.

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. | هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن. عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | شاکر | |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٣ | | | ١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٢ | دەستووری | | ١١ |
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین<br>و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | ٣٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حەمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پڕۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسيه:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٦٩ | ئیسلام‌و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد ڕەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی ڕوسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد ڕەسول | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. (٢٠) | | |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاریخیة وسیاسیة حول "الشعب الکردي" | تالیف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | محمود القیسي | |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الدیمقراطیة الاجتماعیة<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حمید عزیز<br>ت: محسن بنی ویس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس باربییە<br>و. عوسمان حەسەن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | شاكر | |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |